# سەرنج لەسەر میهرەجانەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی



ئازاد جەلال
azadjalal@maktoob.com

ئەگەرچی کاتی میهرەجانەکە ماوەیەکە تێپەڕیوە ،ئەم بابەتە زووتر نوسرابوو، تا ئێستا بڵاو نەبۆتەوە بە پێویستم زانی لە سایتی کوردسان نێت دا بڵاوی بکەمەوە،

مێژووی١٢-١٤ی مانگی (٥)ی٢٠٠٤لە هۆڵی دایەلۆکی شاری سلێمانی لەژێر دروشمی

**من خواجەیی ئەحرارمو ئامێزشی دنیا**

**هێشتا کەنەمی کردووەتە بەندەیی مەملووك**

میهرەجانێك بۆشێخ ڕەزای تاڵەبانی سازدا ،لەو میهرەجانەدا ژمارەیەك لە مامۆستایانی زانکۆو ئەدەبدۆستان بەشداربوون، وەك بەشداربوویەکی ئەو میهرەجانە چەند سەرنجێك دەخەمەڕوو

١میهرەجانەکە لەو کاتەی کەلە بەرنامەی کاردا ئاماژەی پێکرابوو دوادەکەوت هەندێجار بەکەمتر لە سەعاتێك .

٢ ئەو میوانانەی بانگێشت کرابوون لەهەولێرەوە، لەکاتی پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکاندا ئامادەنەبوون بەمەش ئامادەبووان بێزار دەبوون لەوفەراغەی کە لەمیهرەجانەکەوە ڕوی دەدا .

٣ لەبەرنامەی میهرەجانەکەدا هەبووکەدوا بەدووای لێکۆڵینەوەکان سەردانی هەندێ جێگای وەکو مۆزەخانەو کتێبخانی گشتی و..... هتد بکرێت بەڵام ئەو سەردانانە بەشێوەیەکی مەنهەجی نەبوو، تەنانەت لەکاتی سەردانماندا بۆمۆزەخانە جگە لەچەند کەسێکی کەم نەمایەوە تابەشی سەردانی کتێبخانە بکەین .

٤ بەو پێیەی شێخ ڕەزا بەشاعیری داشۆرێت ناوزەد دەکرێت ئەو بوارەش پەیوەندی بەسایکۆلۆجیای سێکسیەوە هەیە کەلە چوارچێوەی زانستی دەروونناسیدا خولدەخوات، لە میهرەجانەکەدا لێکۆڵینەوەی دەرونی بەتەواوی فەرامۆش کرابوو .

٥ ئەوانەی کە قسەیان لەسەر شێخ ڕەزا دەکرد باسی بوێری وئازایەی شاعیریان دەخستەڕو بەڵام دوای سەدەیەك بەسەر وەفاتی ئەو شاعیرەدا تەنها کەسێك نەبوو کەبوێرانە شیعرەکانی وەك خۆی بخوێنێتە .

٦لێکۆڵینەوەکەی ڕۆژی دووەم بەزمانی عەرەبی بو لەکاتێکدا هۆڵەکە تەنها یەك عەرەبی تیانەبوو .

٧ گرنگ ترین خاڵ بەلای منەوە مەسەلەی ئاین بوو، نکوڵی لەوە ناکرێت کەئاین وەك بەشێك لەکلتور لەخەیاڵدانی هەر یەکێکماندا بۆشاییەکی داگیر کردووە، شێخ ڕەزا خۆی لەمزگەوتو حوجرەدا فێری خوێندەواری بووە لەنێو کۆمەڵدا وەك مەلا ناسراو بووە، کەچی بەداخەوە هیچ قسەیەك لەبارەی ئاینەوە نەکرا .

www.kurdistannet.org